نەشوان محەمەد:

# لە ڕاکردنی ٤٠٠مەتریدا ژمارەی پێوانەییم شکاندو لە ماڕاسۆنی بەیروتی نێودەوڵەتییش سێیەم بووم

نەشوان یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی شاری سلێمانییە، لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەرەوەش، پێشتریش بۆهەریەك لە یانەکانی شێروانەی کەلار و سەرچنار و سیروانی نوێ و پێشمەرگەی سلێمانی و هەڵبژاردەی سلێمانی یاریی کردووە، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٤ی شاری سلێمانییە و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد،ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە.







دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو هاتیتە نێو دنیای وەرزشییەوە؟**

- من هەر لە منداڵییەوە حەزم لە بواری ڕاکردن بووە، لەلایەکی تریش وەرزش هۆکارە بۆدوورخستنەوەی مرۆڤ لە نەخۆشییەکان، کە وەرزش دەکەم هەست بە ئارامی و خۆشییەکی زۆر دەکەم.

*** بۆچی یاریی گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

- سەرەتا منیان هەڵبژارد بۆ پێشبڕکێیەکانی قوتابخانە، دوای ئەوە کە توانیم سەرکەوتوو دەبم لەم بوارە لەلایەن پەروەردە هەڵبژێردرام ئینجا پشت بەخوا بۆچەند ساڵێك لە پەروەردەکان دواتریش لەلایەن یانەی وەرزشی شێروانەی کەلار بانگێشت کرام بۆ یاری کردن لەم ڕێگایەوە زۆر حەزم چووە بواری گۆڕەپان و مەیدان.

*** بە بۆچوونی تۆ ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان وەکو پێویستە؟**

- بە بۆچوونی من ئەم یارییە بە شێوەیەکی مام ناوەندە ئەگەر لە چاو یارییەکانی تر وەکو تۆپی پێ و بالە گرنگی پێ بدرێت زیاتر پێشدەکەوێت.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

- بە بۆچوونی من ئەگەر یاریی گۆڕەپان و مەیدان وەکو یارییەکانی تر قوتابخانەی بۆ دابنرێت لە کوردستاندا، لە هەمان کاتدا ڕاهێنەری باش و بەتوانا ئەوە زیاتر پێشدەکەوێت.

*** وەکو یاریزانێك باشترین ئەنجامەکانت چین؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٧ لە ئاستی لاوان یەکەم بووم، لە ڕاکردنی ٤٠٠مەتری ژمارەی پێوانەییم شکاند، لە ماڕاسۆنی بەیروتی نێودەوڵەتی توانیم پلەی سێیەم بەدەست بهێنم، لەسەر ئاستی پێشکەتووانیش لە پاڵەوانێتیی کوردستان توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، لە ڕاکردنی ٨٠٠مەتری لە پاڵەوانێتیی پارێزگاکان توانیم پلەی یەکەم بەدەست بێنم، لە چەندین پاڵەوانێتیی تریش ئەنجامم وەکو پێویست بووە.

*** ساڵانە کردنەوەی چەند پاڵەوانێتییەکی کەم دەبێتە هۆی پێشکەوتنی ئەم یارییە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەنجامدانی یەك دوو پاڵەوانێتیی لە یەك ساڵدا دەبێتە هۆی تێکشکاندنی یاریزان و بێزاربوونی، حەق وایە هیچ نەبێ دوومانگ جارێك پاڵەوانێتییەك ئەنجام بدرێت ساڵانە دەکاتە ٦پاڵەوانێتیی زۆر باش دەبێت بۆ یاریزانان.

*** بەرنامەت بۆداهاتووی خۆت چییە ؟**

- چاوەڕێی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بۆدامەزراندن، بۆئەوەی بتوانم لە داهاتوودا خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەم.

*** بڕیاری ئەوەت نەداوە واز بهێنیت؟**

-نەخێر تاکو بتوانم واز لە بواری وەرزش ناهێنم بۆئەوەی زیاتر بەم وەرزشە جوانە خزمەتی گەل و نیشتمان بکەم.

*** کێشەو وگرفتی گۆڕەپان و مەیدان زیاتر لە چی ڕەنگ دەداتەوە ؟**

-کێشەی سەرەکیی نەبوونی یاریگای تایبەت بەم یارییەیە، کەمیی جۆری یاریگاو ئەو کۆمپانیانەی کە ئەو یاریگا تایبەتە بۆ گۆڕەپان و مەیدان جۆری خراپن بێ کەڵك دێنن دایدەدەنێن جل و بەرگی وەرزشی باش ناهێتە کوردستان و کەمیی ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی، ئەوانە هەمووی کێشەن.

*** جگە لەم یارییە چ یارییەکی تر ئەنجام دەدەیت؟**

- یاریی تۆپی پێ، بەڵام ئێستا بەهۆی گۆڕەپان ومەیدانەوە ئەنجامی نادەم.

*** داوا کاری و پێشنیارت بۆلایەنی پەیوەندیدار چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم پرۆژەی وەرزشی زیاتر بکەنەوە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان بۆخزمەتی زیاتری ئەم یارییە.

*** وەکو یاریزانێك هیواو ئاواتت لەم یارییە؟**

- بەهیوای ئەوەم بتوانم لە داهاتوودا بە وەرزشەکەم خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەم، ئەنجامی باشتر لەسەر ئاستی کوردستان بەدەست بهێنم.

*** بەچ یاریزانێك زۆر سەرسامی؟**

- بە یاریزانی جامایکی ویسیان بۆلت سەرسامم.

*** هیچ یانەیەك داوای لێ نەکردی بۆیاری کردن؟**

- نەخێر بەڵام نازانم لە داهاتوودا چی دەبێت.








# ئەنشیلۆتی: بڕیاری فرۆشتنی ئۆزیل هەڵەبوو

بەڕێوەبەری هونەریی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی کارلۆ ئەنشلۆتیی ئیتالی دانی بەوەدانا کە بڕیاری فرۆشتنی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەکەی مەسعود ئۆزیل بە یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی بڕیارێکی هەڵەبوو. هەروەها ئەنشلۆتی لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا بۆ رۆژنامەی دەیلی ئەکسپریسی ئینگلیزی وتی گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی کە هەڵەیەکی گەورەبوو یاریزان مەسعود ئۆزیلمان فرۆشت لەوەرزی هاوینی رابردوو بە یانەی ئەرسناڵ. شایەنی وتنە یانەی ئەرسنال بەبڕی ٤٢,٥ ملیۆن پاوەندی ئینگلیزی یاریزان مەسعود ئۆزیلی ئەڵمانی لەیانەی شاهانە کڕی و لەئێستاشدا یانەکەی کێبڕکێی بەدەست هێنانی خولی ئەمساڵی ئینگلیزی دەکات. سەبارەت بە رۆیشتنی یاریزان گۆنزالۆ هیگواینیش، کارلۆ ئەنشلۆتی رایگەیاند هێرشبەری بەتوانامان هەیە، بۆیە دوای رۆشتنی هیگواین پێویستمان بەجێگرەوە نییە.

پێویستە بوترێت یانەی ریال مەدرید دوای بەستنی گرێبەست لەگەڵ گاریس بێلی وێلزی لەیانەی تۆتنهامەوە بۆ یانەکەی بەبڕی ٨٦ ملیۆن پاوەند، یاریزان مەسعود ئۆزیلی فرۆشت بۆئەوەی ئەو بڕە پارەیە کۆبکاتەوە.



# لیۆنیل میسی سەرسامیی خۆی بە رۆناڵدۆ دەربڕی



لەکاتی بەڕێوەچوونی مەراسیمی بەخشینی خەڵاتی تۆپی زێڕین بۆ باشترین یاریزانی ٢٠١٣ یاریزانی ئەرژەنتینی و یانەی بەرشلۆنە لیۆنیل میسی سەرسامیی خۆی بە ئەستێرەی پورتوگالی و یانەی ریال مەدرید کریستیانۆ رۆناڵدۆ دەربڕی. پێگەی دیڤینسا سنترالی ئیسپانی لەزاری لیۆنیل میسی بڵاوی کردۆتەوە رۆناڵدۆ یاریزانێکی بەتواناویەو یەکێکە لە یاریزانە لێهاتووەکان لەلای من و شایستەیە خەڵاتەکە بباتەوە. هەروەها میسی گوتی : بەهیچ شێوەیەك لە دڵەڕاوکێی و نیگەران نیم کە تۆپی زێڕینم بەدەست نەهێناوە، بەڵکو ئەوەی گرنگە لەلام باشکردنی ئاستمە لەماوەی داهاتوو. لەبەشێکی تری قسەکانیدا لیۆنیل میسی ئاماژەی بەوەکرد بوونی کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە لالیگا یارمەتیدەرێکی سەرەکیم بووە لە پێشکەشکردنی ئەو ئاستەم و درەوشانەوەو بەدرێژایی ماوەی رابردوو. میسی ئەوەشی راگەیاند هەموو ساڵێك ئەم خەڵاتە ناباتەوە و کاتی ئەوەیە کریستیانۆ ببێتە باشترین یاریزانی جیهان.

# سێرجیۆ رامۆس زەنگی ئاگادار کردنەوە بۆ یانەی بەرشلۆنەو ئەتلەتیکۆ مەدرید لێ دەدات



یاریزانی نێودەوڵەتی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ریال مەدرید بەرگریکار سێرجیۆ رامۆس لەمیانەی بەشداری کردنی لە ئاهەنگی دەست نیشان کردنی یاریزانی براوەی تۆپی زێڕین و جێگیرکردنی شوێنی خۆی لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی تیپی جیهانی ٢٠١٣ هۆشداری دا بە یانەی بەرشلۆنەو یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید کە یانەکەی کێبڕکێ و ململانێیان لەگەڵ دەکات لەسەر بەدەست هێنانی نازناوی ئەمساڵی لالیگا. پێگەی دیڤینسا سنترال لە زاری سێرجیۆ رامۆس رایگەیاندووە کە بەر لەهەموو شتێك پیرۆزبایی لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید دەکەم کە توانیویانە ئاستێکی باش پێشکەش بکەن، هەروەها یانەی بەرشلۆنە کە بەردەوامە لە بەدیهێنانی ژمارەی نوێ و پێوانەیی. هەروەها لەبەشێکی تری قسەکانیدا رامۆس روونیکردەوە بەردەوام دەبن لەسەر هەوڵ و کۆششەکانیان لەپێناو گرتنە دەستی پلەی یەکەمی وەرزی ئەم ساڵ و هیواش دەخوازێت لەکۆتایی وەرز نازناوەکە لەگەڵ یانەی شاهانە بەدەست بهێنێت. شایەنی وتنە رامۆس شان بەشانی کچە هاوڕێکەی بیلار رۆبیۆ ئامادەی ئاهەنگی دەست نیشانکردنی خاوەنی خەڵاتی تۆپی زێڕین بوو کە لە زیورخی سویسرا بەڕێوەچوو

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# هۆکاری ئەنجام نەدانی یارییەکانی هەولێر لە جامی یەکێتیی ئاسیا لە کوردستان چییە؟

## هۆکاری بڕیارییەکە چییە؟

بەپێی ئەو نووسراوە فەرمییەی، کە ئاراستەی یانەی هەولێر کراوە، هۆکاری بڕیارەکە بۆ بارودۆخی ئەمنی عێراق دەگەڕێتەوە، بەڵام چەند هۆکارێك هەیە، کە بووە هۆی یاری نەکردنی یانەی هەولێر لە نێو یاریگەی خۆی، هۆکاری یەکەم یەکێتیی تۆپی پێی عێراقە بەهۆی نزیکبوونەوەی وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی بەهۆی بوونی رکابەریی لەسەر پۆستی سەرۆکایەتیی یەکێتیی تۆپی پێی عێراق یەکێك لە پاڵێوراوەکانی شاری بەغداد هەوڵ دەدات ئەم بابەتە بکاتە کارتی فشارێك بۆ بە دەستهێنانی پۆستی سەرۆکایەتیی یەکێتییەکە، کە بەڵێن بە دەستەی گشتیی یەکێتیی تۆپی پێی عێراق بدات، کە دەتوانێت دووبارە یارییە نێودەوڵەتییەکان بگەڕێنێتەوە عێراق.

هۆکاری دووەم بەپێی چەند سەرچاوەیەك چەند وڵاتێك وەکو یەمەن و سوریا داوای یاری کردنی یانەکانیان کرد لە نێو خاکی خۆیان، بەڵام یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا داواکانیان رەت کردووە، بۆیە ئەوانیش لە رێگەی یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتییەوە ئەم داوایە یان بە مافێکی رەوای خۆیان زانی وەکو عێراق چۆن یانەکانیان لە نێو یاریگەی خۆیان یاری دەکەن ئەوانیش بەهەمان شێوە مافیان هەیە، بۆیە یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیای ناچار کرد،کە بڕیارەکەی جێبەجێ بکات.

هۆکاری سێیەم نەبوونی پەیوەندی دەرەوەی یەکێتیی تۆپی پێی عێراق لەگەڵ یەکێتییە وەرزشییەکانی ئاسیا و جیهان، چونکە پەیوەندیکردن بە فیفا کاری یەکێتی تۆپی پێی عێراقە نەوەك یانەکان بۆیە لاوازی پەیوەندی دەرەوەی هۆکارێکی تری ئەم بڕیارە بوو.



ئا: ڕێبین ڕەمزی

دوای ئەوەی یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بەفەرمی بڕیاری دا، کە یارییە نێودەوڵەتی و دۆستانە لە نێو خاکی عێراق ئەنجام نەدرێت بەهۆی خراپی باردۆخی ئەمنی عێراق، بەڵام یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا پابەندی ئەم بڕیارە نەبوو، بەڵکو بڕیاری دا یارییەکانی نوێنەرانی عێراق لە جامی یەکێتیی ئاسیا لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە هەردوو شاری هەولێر و دهۆك ئەنجام بدرێت تا رادەیەك ساڵی ٢٠١٢ یاریی کۆتایی جامی یەکێتیی ئاسیا بۆ تۆپی پێی لە نێوان هەردوو یانەی هەولێر و کوێتی کوێتی لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری ئەنجامدرا، دوای تەواوبوونی یارییەکەش یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا نووسراوێکی ستایش و دەستخۆشیی ئاراستەی یانەی هەولێر کرد، بەهۆی جوانی ڕێکخستنی یارییەکە، کە زیاتر لە ٢٥ هەزار هاندەر ئامادە بوون و چەندین هەزار هاندەریش لە دەرەوەی یاریگا بێ بەش بوون لە بینینی یارییەکە، هەروەها لەم چەند ساڵەدا ڕێژەی ئامادەبوونی جەماوەر لە هەردوو یاریگەی هەولێر و دهۆك پڕترین جەماوەرن، کە لە ڕیزبەندی یەکەم دێن، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕووی دا، کاتێك یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بڕیاری ڕابردووی سەپاند بەسەر یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا، کە ئەویش ناچار کرا، کە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات و جەماوەری یانەکە لە بینی یارییەکانی یانەی هەولێر لە جامی یەکێتیی ئاسیا بێ بەشکرا.

## ڕێگا چارە چییە؟

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا سەرۆکی یانەی هەولێر د.عەبدوڵڵا مەجید دوو ڕێگای خستەڕوو بۆ گەڕانەوەی یارییەکانی یانەی هەولێر بۆ یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری.

ڕێگای یەکەم: ناردنی نووسراوێکی فەرمی یانەکە بۆ یەکێتیی تۆپی پێی عێراق بەمەبەستی ئاراستەکردنی بۆ یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا و نێودەوڵەتی بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر بڕیارەکە، هەروەها هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی یارییەکان بۆ نێو خاکی عێراق.

ڕێگای دووەم: یانەی هەولێر خودی خۆی پەیوەندی بە یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا و نێودەوڵەتی بکات بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەی زیاتر، هەروەها بە پاڵپشتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر هەموو پێداویستییەکانی پاراستنی ژیانی تیپی میوان بخاتە بەردەم هەردوو یەکێتییەکە و تا ئەو کاتەش یانەکە ڕەنگە شاندێکی خۆی بنێرێتە یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بۆ باس کردنی بابەتەکە لە نزیکەوە و ئاراستەکردنی داواتنامەیەکی فەرمی بۆ شاندی یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بۆ سەردانی کردنی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی بینینی پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان و هەولێری پایتەخت و بوونی ئارامی لە ناوچەکەدا.

## هەولێر یارییەکانی لە کام وڵات ئەنجام دەدات؟

لە ماوەی ڕابرووودا هەولێر ناچار بوو بە زووترین کات یاریگایەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە، کە یارییەکانی جامی یەکێتیی ئاسیا ئەنجام بدات، بۆ ئەم مەبەستەش یانەی هەولێر بڕیاری دا یاریگەی یانەی عەرەبی لە وڵاتی قەتەر دەست نیشان بکات وەکو یاریگەی خاکی خۆی بەمەبەستی ئەنجامدانی یارییەکانی لە جامی یەکێتیی ئاسیا بەهەمان شێوە یانەی شورتە یاریگەی یانەی وەکری هەڵبژاردووە بەمەبەستی ئەنجامدانی یارییەکانی لەم پاڵەوانێتییەدا.

جێگەی باسە یانەی هەولێر لە جامی یەکێتیی ئاسیا لە کۆمەڵەی چوارەم شان بەشانی یانەکانی (شەباب ئوردن یان وەحدات، شەباب زاهیریەی فەڵەستین یان یانەیەکی قیرغستان، ڕەفاع بەحرێن) یاری دەکات.

